# دوینیٚ هەڵەبجە زامدار تر بوو !

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

دوێنیٚ 30دیسمبەری 2005ئەلحەکیم سەرۆکی ئەنجۆمەی باڵای شۆرشی ئیسلامی لەعێراق‌و سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی یەکگرتوو یەکێك لە سەرانی ئیسلامی سیاسی شیعی لە عیراق دا سەردانی هەڵەبجەو سەردانی مەزاری قوربانیانی چەکی کمییایی هەڵەبجەی کرد، کە لەلایەن رژێمی قەومی بەعسەوە رژێنرا بەسەر خەڵکی ئەم شارە جوانەدا، شاری گولان‌و باوە گۆچك‌و عەبابەلیٚ‌و... شاری سەیران‌و سەفا. بەڵام هەڵەبجە شارێکی کوردستانەو ئەوکات‌و تا ئێستا کوردستان لەسایەی دەسەلاتی بەعس‌و دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد دا، بەشێکە لەعیراق‌و عێراقی ئەوکات لە جەنگێکی خوێناویدا بوو لەگەل رژێمی ئیسلامی ئێراندا، ناسیونالیزمی کورد شەمشەکویرەکانی ئیسلامی سیاسی رژێمی ئیسلامی ئێرانیان هێنایە نێو ئەمشارەوە، بۆ ئەوەی زیاترو زیاتر زەلیلی بکەن، وە زەلیلیان کردو گەورەترین زامیان لە جەستەی ئەمشارەدا ڕواند. حکومەتی قەومی بەعس‌و رژێمە شوڤێنیەکەی بۆ هەموو دنیا ڕۆشن بوو کە چ جانەوەرو وەحشێکە، کە چۆن تەڕو ووشك پێکەوە دەسوتێنێت، جینۆسایدیك کە ئەم حکومەتە هارە قەومیەی سەرمایە کردی سەبارەت بە خەڵکی هەڵەبجە جێگای پاساو نیە بۆ هیچ کەس‌و لایەنێك، بەڵام ناسیونالیزمی کورد هەروەك چۆن ئێستا لەپێناو دەسەلاتی خۆیدا خەریکە تەواوی خواستەکانی خەڵکی کوردستان ژێر پێدەخات‌و ئەگەر بۆی بچێتە سەر ئەوا تەواوی ئەو خواستانە لە جیابونەوەی کوردستان‌و مافە سیاسی‌و مەدەنەیکانی خەڵکی کوردستان، مافەکانی ژنان‌و ئارەزوەکانی لاوان زیندە بەچال دەکات‌و دەیکاتە قوربانی کورسیەکانی خۆی لە بەغداو بۆ ئەمەش هەموو وەسیلەیەك بەکار دەهێنیت، ئەوکاتیش هەموو وەسیلەیەکی بەکار دەهێنا لەپێناو خۆ دەرخستنی خۆیداو هەوڵدا بۆ کردنەوەی ڕیگای مفاوەزاتێك لە گەل ڕژێمە هارەکەی بەعسدا. ئەوا ئێستاش ئیسلامی سیاسی شیعی لای ناسیونالیزمی کورد لەنێو سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی‌و دوو حزبە دەسەلاتەکەیدا، دەکریت ڕیکەوتن‌و پەیمانی ئیستراتیژی لەگەڵدا ببەسترێت. عەلمانیەکانی ! بزوتنەوەی کوردایەتی بێباکانە ئەجداوئابادی ئەلحەکیم‌و داروستە تیرۆریبستەکەی لەماوەی یەك هەفتەی ڕابوردودا تەعزیم‌و تەکبیر کرد، ئەوان مافی خەلکی کوردستان‌و ئارەزوەکانی لاوان‌و خواستەکانی ژنان‌و مافە مەدەنی‌و سیاسیەکانی خەڵکی کوردستانیان بەقەد قنچکە پیازیك بۆ گرینگ نیە. بۆیە ئەلحەکیم دەکرێتە هاوسەنگەرو هاوخەبات‌و هاوپەیمانی ئیستراتیژیك لەپیناو دەسەلاتی خۆیاندا کە ناویان لێناوە فیدرالیەت‌و، کە دژ بە خەلکی کوردستان‌و خواستی جیابونەوەکەیەتی .

ئاخر هەڵەبجەی زامدارو خوێن لەبەر ڕۆیشتوو، هەڵەبجەی ئەسیری ئیسلامی سیاسی، کە لەسایەی بزوتنەوەی ئیسلامیدا هەموو خەونەکانی لێبوبوبوو بە مۆتەکەو لە بینەقاقای نەدەبووەوە، ئەمرۆ کۆنەپەرست‌و تیرۆریستەکانی ئیسلامی سیاسی شیعی چۆن دەکرێت ڕیگای پێبدریت بێتە ئەمشارە؟! چۆن دەکریت ڕیگای پێبدریت بچێتە سەر مەزاری قوربانیانی هەڵەبجەو لەوەش شەڕەمەزارانەتر چۆن دەکریت ڕیگا بدریت کە گۆڕپانی لێدروست بکریت بە ناوی ئەلحەکیمەوە؟!. ئەگەر حکومەتی بەعسی گۆڕ بەگۆڕ هەڵەبجەی کیمیایی باران کرد، ئەگەر جینۆسیادی خەڵکی کوردستانی کرد، ئەوا ئیسلامی سیاسی لە کوردستان کەمی بەمشارە خویناویە نەکردو ئیسلامی سیاسی شیعی لەداهاتووداو لە وەلامی ئەم پیاوەتی‌و پێشوازییەی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتیداو پاش یەکلاکردنەوەی کۆسپەکانی خۆیان لەگەل ئیسلامی سیاسی سونی‌و قەومی عەرەبیدا، وەك هاوشانەکەیان لە ئیران دەکەونە ویزەی خەڵکی کوردستان.

بەڵام یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەم هەراو هوریاو ڕاپیچکردنی خەڵکی کوردستانە بۆ پیشوازی لە ئەلحەکیم دەیانەوێت ئەوە نیشان بدەن، کە کۆسپەکانی نێوان خۆیان‌و ئیسلامی سیاسی شیعی لە قۆناعی رابوردودا خەتای جەعفەری‌یەو ئەگینا ئەلحەکیم‌و ئەنجومەنی بالاو ئەلموحسن پیاوی چاکن‌و دڵیان دەسوتێت بە خەلکی کوردستان‌و هاوپەیمانی دێرینن !! جگە لەوەی کە ئەم هیزە ڕەشە ئەم شەمشەکویرانەی دنیای جاهلیەت تا سەرمۆخ دژ بە ماف‌و هیوای لاوان‌و ژنان‌و مافە مەدەنی‌و سیاسیەکانی خەلکن، بەجیا لەوەی کە بەتوندی دژ بە جیابونەوەی کوردستان‌و بەرپاکردنی ریفراندۆمن لەکوردستان، ئەوان بەپیٚی ماهیەتی سیاسەتی‌و ئیستراتیژی خۆیان ناتوانن ویستەکانی یەکیتی‌و پارتیش جیبەجیبکەن کە زۆر دژایەتی هەیە لەگەل ویست‌و داخوازی خەلکی کوردستاندا....

بۆ ئەوەی هەلەبجەو خەلکی هەڵەبجەو کەس‌و کاری قوربانیان ئاسودەبن دەبیت خەلکی کوردستان وە خەلکی هەلەبجەو کەس‌و کاری قوربانیان‌و ئازادیخوازنی دنیا نەك تەنها ڕیگا نەدەن لە هەڵەبجەدا ئاسەوزاری ئیسلامی سیاسی تیدا بڕوێنرێت، ڕیگە نەدەن حوسەنیەو گۆڕەپانی حەکیمی تیدا سەوز ببێت، بەڵکو پێویستە لەپێشەوەی ڕیزی بزوتنەوەی ناڕازیانی خەڵکی کوردستاندا بن لە پیناو جیابونەوەی کوردستان‌و پیمکهێنانی دەوڵەتیکی عەلمانی‌و ئینسانی‌و تەنها لەسایەی دەوڵەتیکی وادا خەڵکی هەڵەبجە ئاسودە دەبن. بەلام من نازانم ئازاد جندیانی کە یاروەری ئەلحەکمی بوو ، ئەمجارەیان چۆن بە هێمنی وەلامی ئەم یاوەریەی خۆی دەداتەوە هێمنانە خۆی دەگۆڕێت‌و هێمنانە سوشیال دیموکراتیەکەی خۆی بەرقەرار دەکات؟!

31/12/2005